2008/8/23

# بارزانییەکان ئەنفالکراونین

خەمخۆرێکی ئەنفال

بیستو پێنج ساڵ لەمەوبەرو لە رۆژی31ی تەموزی ساڵی 1983، رژێمی بەعس تاوانێکی گەورەو دڕندانەی دەرحەق گەلەکەمان ئەنجامدا. ئەویش بێسەرو شوێنکردنی زیاتر لە هەشت هەزار کوردی بارزانی بوو کە تا ئەو کاتە گەورەترین پرۆسەی لە ناوبردنی گەلی کورد بوو.
بەڵام بە داخەوە سەرەڕای گەورەیی تاوانەکەو ئەو شوێنەوارو کاریگەرییە نێگەتیڤانەی ئەم کارەساتە لە دوای خۆی دروستی کرد کە تا هەنوکەش کەسوکاری قوربانییەکان پێوەی دەناڵێنن، نەمانتوانیوە بە شێوەیەك کار لە سەر ئەم تراژیدیا بکەین کە لە ئاستی پێویستدا بێت. لە کاتێکدا دەبوایە زانکۆو ناوەندە ئەکادیمییەکان خاوەنی چەندین توێژینەوەی بە نرخ بوونایە، لە سەر ئەو شوێنەوارانەی ئەم کارەساتە لە رووی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سایکۆلۆژییەوە لەسەر زیان لێکەوتوانی ئەم کارەساتە دروستی کردووە. هەروەها دەبوایە باشترین ئامارو داتامان دەربارەی قوربانییەکان لە بەردەستدا بوایە، چونکە قوربانییەکانی ئەم تاوانە خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو بوون. ئەم کارە زۆر قورسو زەحمەت نەدەبوو، ئەگەر دڵسۆزانە کاری بۆ بکرایەو دەتوانرا ئەو کەموکوڕییانەی ئەمڕۆ لە دۆزی ئەنفالدا هەمانە، لە تاوانی سەرنگومکردنی کوردانی بارزانیدا نەمانبوایەو لە شانزە ساڵی رابردوودا فایلێکی پوختو تەواومان لەم بارەیەوە هەبوایە.
دوای ئەم پێشەکییە دەمەوێت پڕۆمە سەر مەبەستی وتارەکەم کە قسەکردنە لەسەر هەڵەی بەکارهێنانی زاراوەی ئەنفالو ئەنفالکردن بۆ تاوانی سەرنگومکردنی بارزانییەکان. لە کاتێکدا ئەنفال تاوانێکە لە کاتێکی دیاریکراودا ئەنجامدرا، بە هەشت قۆناغی یەك لە دوای یەكو ماوەی چەند مانگێك لە شوبات تا ئەیلولی هەمان ساڵی خایاندو لە زاخۆ تا خانەقینی گرتەوە. کەواتە ئەگەر تاوانێك لە دەرەوەی ئەو هەشت قۆناغەدا ئەنجام درابێت، ئەوا نابێت بە ئەنفال ناوببرێت. تەنانەت ئەگەر لە هەمان ساڵیشدا دژ بە کورد ئەنجام درابێت. بۆیە ئەڵێم ناونانی تاوانێکی وەك سەرنگومکردنی بارزانییەکان لە ساڵی 1983بە ئەنفال هەڵەیەکی گەورەیە، نە خزمەت بە دۆزی سەرنگومکردنی بارزانییەکانو نە خزمەت بەکارەساتی ئەنفال دەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە رووی یاساییو نەتەوەییو سیاسییەوە زیان بە هەردوو مەسەلەکە دەگەیەنێت. بۆ نمونە ئەو تاوانەی لە ساڵی 1983دژی گەلەکەمان ئەنجامدرا، بە هەموو پێوەرێك دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە، کەوابوو کەی پێویست دەکات ئێمە بێ ئەوەی بیر لە لایەنە خراپەکانی بکەینەوە، بێین ناوی تاوانێکی تری جینۆسایدی بۆ بە کاربهێنین کە لە کاتو سەردەمێکی جیاوازتردا دژ بە گەلەکەمان ئەنجامدراوە. ئەگەر ئێمە هەموو پرۆسەیەکی لە ناوبردنی کورد بە ئەنفال ناوببەین، ئەوکاتە دەبێت بڵێین بەعس لە رۆژی هاتنە سەر حکوم تا ئەو رۆژەی لەسەر دەسەڵات لادرا، یەك تاوانی دژ بە گەلەکەمان ئەنجام داوە، ئەویش ئەنفالە. ئەمەش زیانی بۆ گەلەکەمان هەیەو ئەگەر سبەی لە هەر رووبەکەوە باس ئەنفال بکرێت خەڵکی نازانێت مەبەست کام پرۆسەی لە ناوبردنی گەلەکەمانە. هەروەها لە کاتی دادگاییکردنی سەرانی رژێمی بەعسدا لەسەر تاوانی ئەنفال، کاتێك یەکێك لە سکاڵاکارەکان ویستی باسی کوشتنی باوکی بکات لەلایەن فڕۆکەکانی بەعسەوە لە پێش پرۆسەی ئەنفال، دەست بە جێ دادوەرەکە ئاگاداری کردەوە کە ئەو رووداوە پەیوەندی بە ئەنفالەوە نیە.

ئەوەی لە کۆتایدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی بۆ بکەم ئەوەیە کە نابێت هیچ کەسو دەزگایەکی راگەیاندن بە هەر مەبەستێك بێت، زاراوەو دەستەواژەی ئەنفالکردن بە کاربهێنێت. تەنها لەبەرامبەر ئەو کەسانە نەبێت کە لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بێسەروشوێن کران‌و جگە لە هەشت قۆناغەکەی ئەنفال نابێت هیچ تاوانێکی تر بە ئەنفال ناوببرێت.